# حیزبی کوردی لەنێوان دۆست و نەیارەکانیدا ..

کەمال ڕەئوف

گەمەی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی لەسیاسەتدا هەمیشە ئەو شتەیە کە بەپێی بەرژەوەندیە ستراتیژی و هەنوکەییەکان جێگۆڕکێیان پێدەکرێت و گۆڕانیان بەسەردا دێت ,   دۆست و هاوپەیمان لەسیاسەتدا بەو چاویلکەیە سەیر دەکرێت و دەخوێندرێتەوە کەتاچەندە لەوپەیوەندیەدا بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی هەردوولا دەپارێزرێن , هەربۆیە لەسیاسەتدا نەدۆستی تاسەر هەیەو نەهاوپەیمانی هەمیشەیش, ڕەنگە زۆر جار ڕووی دابێت کە هاوپەیمان و دۆستی دوێنێ دژمنی ئەمرۆ بێت , وەبەپێچەوانەشەوە  , بۆیە کەهاوپەیمانی و دۆستایەتی لەقۆناغ و لەکاتێکی دیاریکراودا بۆ مەبەستێکی سیاسی و سەربازی دوونەتەوە یان دوولایەنی سیاسی وەدەوڵەتی دروست دەبێت  تەمەنی ئەو هاوپەیمانیەتیە هێندەی تەمەنی پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانەیە کەلەنێوان لایەنەکاندا هەیە، دیارە لایەنی دۆڕاو زەرەر مەندیش لەو دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیەدا هەمیشە ئەو لایەنەیە کەڕادەی بەرژەوەندیەکانی خۆی نەزانێت و توانای نەبێت لەگەڵ لایەنی بەرابەردا بەراوردی زیان و قازانجەکانی خۆی بکات ونەتوانێ بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێت.

حیزبی کوردی کەبەدرێژایی مێژووی تاکو ئێستا تەمسیلی نەتەوە دەکەن و بەناوی گەلەوە گەمەی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیان کردووە, دۆستایەتیەکان چ لەناوخۆو چ لەدەرەوە , زۆر بەی کات بەگوێرەی سروشتی قۆناغ و حیزبەکان لەسەر بناغەیەکی ناڕەسمی و ڕانەگەیەنراوو شاراوە بوون , هەربۆیە کەم جار لای خەڵکی ئاسایی ئەوە ئاشکرابووە کە ئەو دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیەی کورد لەگەڵ لایەنی بەرابەردا لەسەر چ ئەساسێك بووە و لەچ کات و شوێنێکەوە دەستی پێکردوە و لەکوێشدا کۆتایی پێی هێنراوە , مەگەر ڕوداوێك یان ئاڵوگۆڕێکی گەورە لەنێوان لایەنەکاندا ئەوەی ئاشکرا کردبێت و خەڵکەکەی لەوە بەئاگا هێنابێتەوە کە ئەو دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیە کۆنە کۆتایی پێهاتووە و شێوازێکی نوێ لەپەیوەندی هاتۆتە ئاراوە , دیارە لەم پەیوەندیانەدا دیسانەوە ئەوەش ئاشکرانەبوون و شاراوەبوون کە بەرژەوەندیەکانی کورد وەك نەتەوە لەچ شوێنێدا بووەو داخوازیەکانی لایەنی بەرابەریش لەکوردچی بوون؟ ناڕۆشنی پەیوەندیەکانی حیزبی کوردی بەوی ترەوە بەشێکی زۆری پەیوەندی بەسروشتی هێزە سیاسیەکانەوە و نەسەلماندنی کرانەوەو شەفاف نەبوونی ئەوانەوە هەبووە, بەشەکەی تریشی پەیوەندی بەسروشت و خراپی ئەو داواکاریانەوە هەبووە کەلایەنی بەرابەر لەکوردی خواستووەو حیزب شەرمیکردووە لەئاشکراکردنیان , بۆ نمونە پارتی ویەکێتی وەك دووحیزبی گەورەی کوردی بەدرێژایی مێژووی بوونیان پیوەندی وهاوپەیمانێتیان بەحکومەتەکانی تورکیاو ئێران و عێراقەوە , ئەو لوغزە بووە کەزۆر بەئەستەم ئەندامانی حیزبەکانیشیان لێی تێگەیشتوون و لێی ئاگادار کراون , هەربۆیە زۆر بە ئەستەمیش دەتوانرێت هۆیەکانی نزیك بوونەوەو دوورکەوتنەوەکان لەو پەیوەندیانەدا بەڕوونی و بەدەقیقی بزانرێن وزەرەرو قازانجیان لەمەحەك بدرێن , مەگەر ئەو کاتانە نەبێت کە ڕووداوێك لەنێوانیاندا ڕووی دابێت و بەرپرسی‌لایەنێکیان ڕاگەیاندنێکی لەوبارەوە ڕاگەیاندبێت و هەندێ نهێنی ئاشکرا بووبێت , پەیوەندی و هاوپەیمانی ئەوان لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا لەگەڵ هەندێك لەووڵاتانی هەرێمایەتیدا گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە کۆمەکی لۆجستیکی ومادی ومەعنەوی بکرێن , بەڵام هەندێك جاریش گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کەشەڕی سەربازی لەنێوانیادا ڕووی داوە, ئێستاش لەدوای ڕوخانی حکومەتی بەعس لەگەڵ ناوهێنان ونزیك بوونەوە لە مەسەلەی فیدراڵیەت , هەمووشتەکان پێچەوانە بوونەتەوە.

سەرەتای کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسۆنی عێراقی لە لەندەن و سەلاحەدین , پەیوەندی حیزبی کوردی بەگرووپە سیاسیەکانی  شیعەوە بەڕواڵەت وا دەردەکەوت کەپەیوەندیەکی ستراتیژی و دوورماوە بێت و بتوانرێت لەسەر ئەو پەیوەندیە شتی زۆر بینا بکرێت , بەڵام لەدوای گۆڕانکاریەکانی ناوعێراقدا دەرکەوت کە تموحاتی حیزبی کوردی و شیعە لەسەر ئاییندەی عێراق چەند لەیەکتردوورن و تاڕادەیەکیش دژبەیەکن , هەربۆیە دەبێت حیزبی کوردی بەپێی قۆناغەکان و بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کورد چاو لە هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی بکات و مەرج نییە ڕۆمانسیانەو تەقلیدیانە لەپەیوەندیەکان بڕوانێت و هەربەشوێن ئەوەبێت کەدڵی دۆستە کۆنەکانی بداتەوە , ئەو مراعات کردنی لەڕادەبەدەرەی کەبەردەوام لەسیاسەت ودبلۆماسیەتی حیزبی کوردیدا دەبینرێت کە بۆخۆی پاشماوەی هەستی کۆیلایەتی و خۆ بەکەم زانینە لەبەردەم ئەوی دیدا , لەسیاسەتدا والێك دەدرێتەوە کەتۆ درکی ئەوەت نەبێت کە بەوریاییەوە دەست بەپەتی گەمەی دۆستایەتی و هاوپەیمانیەوە بگریت و بەرژەوەندیەکانی خۆت بپارێزیت ,چونکە لەسیاسەتدا شتێك نییە ناوی مەرحەمەت و لوتف نواندن بێت بەبێ بەرامبەر.

ئەمرۆ لەبەر ئەوەی کە عێراق بەگشتی پێی ناوەتە قۆناغێکی تری ژیانی سیاسیەوە و بزووتنەوەی میللی کوردیش چووەتە ئاستێکی باڵاترو نزیك بووەتەوە لەوەی کەبەشێك لە خواستەکانی خۆی بەدەست بهێنێت ,ئەوا بەدڵنیاییەوە بۆ ئەم قۆناغەکورد پێویستی بەدۆست و هاوپەیمانی نوێش دەبێت ,هەروەها مادام کورد پێی لەسەر خواستی فیدراڵی دادەگرێت بەکەرکوکەوە , دەبێت ئەوەش بەگرنگیەوە لەبەر چاو بگرێت کەلەو سنورەدا نەتەوەی تردەژین و خاوەن کلتورو فەرهەنگی خۆیانن , هەرچۆن کورد داوای زەمانەت لە نەتەوەی عەرەب دەکات ئاواش ئەوانی ناو سنوری فیدراڵیە کوردیەکەش کەکەمایەتین مافی خۆیانە کەداوای زەمانەت لەکورد بکەن و گومانیان لەسیاسەت ودەسەڵاتی کورد هەبێت , من

دڵنیام لەوەی کە ئەگەر حیزبی کوردی لە ماوەی ئەم چەندساڵەی دەسەڵاتی خۆیدا نمونەیەکی دیموکراتیانەتری نیشان بدایەو کاری لەسەر نزیك بوونەوە بەوانی ترەوە بکردایە,کێشەکانی ئەم دواییانەی ناو کەرکوك بەو شێوەیە نەدەبوو کەڕوویان دا, هەروەها لەوەش دڵنیام کە ئەگەر هاوڵاتیەکی تورکمان و عەرەبی بەئەسڵ کەرکوکی هەست بەدڵنیاییەکی زۆر تر لای کوردەوە بکەن , ئەوا ژیانی ناو چوارچێوە فیدراڵیەکەیان لاباشترە لەوەی کە لە عێراقێکی مەزهەبی و نادیموکراتی و پڕ کێشەی عەشایەریدا بژین , چونکە لای تورکمان و عەرەبێکی کەرکوکی مەسەلەی سەربەخۆیی وەك ئەوە نیە کەلای کوردێك بووەتە گرفتێکی گەورەی نەتەوەیی و گرێیەکی سایکۆلۆژی ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەئاشکرایە ئارەزووی پێکەوەژیان بەندە بەوەی کە کەمایەتیەکان لە چ ماف وشێوازێکی ژیان بەهرەمەند دەکرێن , ئەم ڕاستیە ئەو کاتەزیاتر هەست پێدەکرێ کە تاکی کوردو هەمووئەوانی تریش ئامادەن و هەوڵی بۆدەدەن تا لەگەڵ هەموو نەتەوەیەکی جیا لە خۆیان بژین بەمەرجێك شێوەی ژیان و مافەکانیان هاوشێوەی ئەو خواستانە بێت کەلە یەکێك لەووڵاتانی ئەورووپاییدا هەیە , لێرەوەیە کە دەبێت حیزبە کوردیەکان بیرلەوەبکەنەوە وئەو سیاسەتە بگرنە دەست و هەنگاو بۆ ئەوە هەڵگرن کە دەتوانێت دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەموو ئەوانی تری ناوکەرکوك بەئەنجام بهێنێ و دەتوانێت کەشو هەوایەکی لێك تێگەیشتن و زەمانەت ئامێزانەیان بۆبێنێتە ئاراوە, ئەم هەوڵەش لەهەمووکەسێکی دڵسۆزو ڕۆشنبیری کورد دەخوازێت کە چیتر بەچاوی بەعسیەکی داگیرکەرەوە لە هاوڵاتیانی عەرەبی ئەسڵی کەرکوکی نەڕوانن و بەچاوی جەندرمەیەکی تورکیشەوە لە تورکمانێکی کەرکوکی نەڕوانن, ئەمەلەگەڵ ئەوەی کەسەلماندنی مافی ئەوانی تر لەوەش دڵنیامان دەکات کە ئێمە تاچەندە دەتوانین ئەوانی تر وەك خۆیان قبوڵ بکەین وتاچەندیش دەتوانین دیموکراتی بین, ئاشکرایە کارێکی وا جگەلەوەی زەمانەتی کەرکوك وئارامی ژیانی ئەوشارەمان بۆ دەستەبەردەکات, لەهەمانکاتیشدا شەرمیش ناکەین لەوەی کە بۆیەکەم جارهاوپەیمانی و دۆستایەتیەك بکەین, کەناوەرۆکی ڕێکەوتنەکەمان بەدەروەی خۆمان ڕاگەیەنین و شێوازێکی نوێش لەدۆستایەتی و هاوپەیمانێتی لەسەر ئاستی میللی ونەتەوەیی بهێنینە ناو سیاسەتی کوردیەوە .